# ئەم مانگەلەسوید باسی چی بوو؟

کامەران ئیسحاق پەری

**مانگی ڕابرِدووبەهەمان ناونیشانوبەسێ هەواڵ بوینە ئامرازێکی دەوڵەمەندکردنی خەزێنەی هەواڵوزانیارییەکانت ،وائەمجارەش بۆمانگی دووهەم بەسێ هەواڵ وسێ تەوەربەردەوامین لەگەیاندنی بابەتێکی نوێ کەپێشترتۆی خوێنەر گوێبیستی نەبوبیت .. ،بەردەوامین بەپرەودان بەهونەری بەراوردکردن ولێکدانەوەی هەواڵ،وەک وتیشمان وهەمیشەش جەختی لەسەردەکەین ڕاوڕایەڵی تۆبۆئێمەرەگەزێکی گرنگی سەرخستنی ئەم هەوڵەنوێیەمانە .. هاوکارمان بە.**

1

## سوید ....لەدیموکراتیەتا،یەکەمە..؟

ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمی کەڕۆژانەمەیەکەلەبەریتانیادەردەچێتوگرنگی بەبواری سیاسەتوئابوری جیهان دەدات لەنوێترین بەدواداچو ونوتوێژینەوەی ڕۆژنامەکەبۆتەوەروچەمکی دیموکراتیەت بۆساڵی 2006لەجیهاندا گەیشتۆتەپۆلێکردنی لیستێک بۆئەوولاَتانەی کەدەکرێت بەدیموکراتی ناوازەبکرێنرۆژنامەکەبۆی دەرکەوتوە کەتەنها167 ولاَت لەهەمووجیهان ئەتوانین پێیان بلێن ولاَتی دیموکراتی.یەکەم ولاَت لە پۆلێنکردنەکەدا ولاَتی سویدە،بەدوایدا ولاَت ئایسلاند بەپلەی دووهەم هۆڵەندابەپلەی سێهەم نەرویج بەپلەی چوارەم پێنجەم دانیمارکو فنلەنداش لەخانەی شەشەمداڕیزبەندکراوە،دوواولاَتیش لەسەرئاستی جیهانوبەپێی لیستەی ئیکۆنۆمی. کەدیموکراتی تایبەدی دەکرێت کۆریای باشورە.

- ئەوەی کەپێویستە بوترێت..؟!

ئەگەربەوردی سەرنجی دەیەکەمی نێولیستەکەبکەین دەبینین ولاَتانی باکوری ئەوروپاو ئەسکەندەناڤیا، لەپێشەنگی ئەوولاَتانەن کەدیموکراتیەت لەژیانی سیاسی وکۆمەلاَیەتیوئابوری وچەمکی ئازادی باوەریان بەدی دەکرێت،کۆریای باشوریش ئەکرێت بەخراپترین باشەکانی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ بناسین...ئالێرەدائەمەوێت بپرسم ئەی ئێمەلەکوێی ئەوهاوکێشەو پۆلێنکردنەین، ئایادەکرێت بلێن ئێمەش وەکوکوردلەڕیزی پێشەوەی ولاَتەدیموکراتییەکانی ڕۆژهەلاَتی ناوەراستین یاخود ئەمەهەردروشمێکەوە سیاسیەکانمان تەرویجی بۆدەکەنووەهمێکەوساڵگەلێکی زۆرەخۆامان پێخافڵکردوەوولەبنچینەداشتێک نییەبەناوی دیموکراتی لەولاَتی ئێمەدا .بەدی بکرێت .. کەی بێت ئێمەش بچینەئەوپۆلێنکردنەولانی کەم جێگەی کۆریای باشوربگرینەوە....

2

## بەهۆی هاتوچۆکردنی بەتەکسی وەزیری بەرگری سوید ددرێتەلێژنەی لێپرسینەوەی حوکمەت ؟

پاش ئەوەی کەدەرکەوت وەزیری بەرگری سویدی (مایکل تۆدنباری)کەلەسەرلیستی دیمکرات مەسیحی ماڵە پترلە(باو) تەکسی بەکارهێناوە بۆهاتوچۆکردن لێژنەی بەدواداچونولێپرسینەوە لەهەڵسوکەوتومامەڵی وەزیرەکان .لەجێگەی بەرپرسیاریەتیان ناوبراوی بۆلێکۆڵینەوە بانگکرد..لیژنەی چاودێری داوای لەمایکل کردوەکەشەرحێک بدات بەهۆی ئەوزۆر بەکارهێنانەبۆتەکسی کە214 جاری تێپەڕاندوەلەکاتێکداوەزیرەکانی ترتەنهادوویاخودسێ جارتەکسیان بەکارهێناوە.لێژنەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کەئەوان لەوەتێناگەن کەبۆچی ناوبراوئەوهەمووجارەسواری تەکسی بووەلەکاتێکداماڵەکەی لەسەنتەری ستۆکهۆڵمەولەنزیک هێڵی گواستنەوەی گشتی شەمەندەفەری مێترۆیەوئەتوانێت بەتەنهاشەش دەقیقە بەسواربونی شەمەندەفەر باگاتەسەرکارەکەی خۆی.

* ئەوەی کەپێویستەبوترێت..!؟

ەنتیکەیە.کابراوەزیرەوکاربەدەستەوبەرگری هەمووسویدی گرتۆتەئەستۆکەچی لێژنەی لێپرسینەوەی حوکمەت لەسەرهاتوچۆی تەکسی خەریکەدەیدات بەلێکۆڵینەوە،..لەوەش زیاترلیژنەکەجورئەت ئەکات وداواش لە جەنابی وەزیرئەکات کەبۆهاتوچۆ هێڵی گواستنەوەی گشتی شەمندەفەربەکاربێنێت....واتەلەگەڵ عامەداهاتوچۆبکات...تۆبڵێت ئێمەش بۆمان هەبێت بەوەزیرەکانمان بڵێن کەئێوەخەباتگێڕبوون پێشمەرگەبوون گیان فیدابوون لەگەڵ عامەداهاتوچۆبکەنوخۆتان لەخەڵک جیامەکەنەوە(ببورن باری ئەمنی ڕێگەنادات بەرپرسانمان بەپاس هاتوچۆبکەن) ..جاخۆ بەم حیسابەی ئەمان بێت کاربەدەستانی کوردکەسی لێدەرناچێت وهەمووی ئەبێت بدرێتە بەرلێپرسینەوە...هەرلەسەرهیچ نەبێت لەسەرئەوەهەموومۆنیکاوقەسروبانزین (سوء سەرفکردنوفڕکان فڕکاناین بەنێوشەقامەکانیان .. تۆبڵێت لای ئێمەش وای لیبێت ڕۆژێک لەڕۆژان بەوەزیرەکانمان بڵێن نابێت زۆر بەنزین سەرفبکەن؟وئەوەندەئۆتۆمبیلەکانتان فرکان فرکانیان نەیێت؟...بارۆژێکیش ئێوەلەگەڵ ئێمەبێ کارەبابن ..هتد یان من هەڵەم ؟!

3

## تاساڵی 2015 هەمووشێتێک ئەبێت لەماڵی خۆیدابژیت..!

ئەندرسۆن میلیتۆ ڕاوێژکاری سیاسی بۆخزمەتگوزاری مرۆڤی سویدی، پرۆژەوپێشنیایرێکی خستۆتەبەردەم پەرلەمانوحوکمەت تیایدازیادکردنی بوجەوخەرجی وڵات بۆچاودێری کردنوباشترگوزەرانی (کەم ئەقڵەکان) دەبینێتەوە ناوبراو ڕایگەیاند کەپێوستەحوکومەتی سویدی لەوەی کەئێستاهەیەزیاتربەکەم ئەقڵەکان ببەخشێتوچیدی ئەوکەم ئەقڵانەپەروایز نەکات هەربۆیەش داوای کرد کەبۆساڵی 2007 تاساڵی 2015 ساڵانەهەشت سەدملیۆن

کرۆنی سویدی بۆشارەوانیوئەنجومەنی خۆجێکان ئامادەبکات ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆسەیەئەوەیەکەهەریەک لەوکەم ئەقڵانەلەماڵی خۆیدانیشتەجێبێتوچی دی لەسەرشەقامو نێوشێتخانەکان بەدی نەکرێنویەکەیەکی تایبەتیشیان بۆچاودێری کردنیان دابین بکرێت....

* ئەوەی کەپێویستەبوتریت؟

سەرەتا ئەبێت لەناوهێنانەکەوەدەستپێبکەین .کەم ئەقڵ نەک شێت لەبەرئەوەی لەخۆرئاواشێت بەجنێودێت کەم ئەقڵیش وتەزای بەکارهاتوی ناسینی شێتەکانە.لەوەگەڕێ ئەوەباسەکەمان نییە باهێندەی تربابەتەکەت لێ ئاڵۆزنەکەین شێت بن یان کەم ئەقڵ هەر کامێکێان بێت گرنگ ئەوەیە مرۆڤن ئەمەبەپێ بۆچونی تاکی ئەوروپی نەک بەپێ پسپۆروسیاسەتمەدارێکی لای خۆمان سەرنجەکەمان ئەوەیەکەلەم وڵاتانەبەم جۆرەلەبێ ئەقڵوکاڵفامەکانیان ئەڕوانن ئاخۆلەئەقڵداروبلیمەتوزاناکانیان چۆن ئەڕوانن ..ئەی ئێمە...ڕاوێژکارەکانامان پسپۆڕوئەکادیمییەکانامان چۆن ئەروانەنبواری خزمەت گەیاندن بەتاک ڕونترچۆن بیر لەبەرژەوەندی تاک دەکەن..بەوەی کەشانزەساڵەکارەبایان بۆچارەسەرنەکرێت ووائەچێت بۆبیست ساڵیشە کەلاوەکانی هەڵەبجەیان دروستنەکردۆتەوە ..وکەرکوکیەکانیش لەزبڵخانەیک جێنشین بکەینوپێیان بڵێن ئێوەشۆڕشگێڕن یاخزمەتکردن لەوڵاتی ئێمەتەنهالەوەداخۆی ئەبینێت بڵێن کاکەلەوڕۆژەی ئێمەئازادین لەوساتەی ئێمەسەربەستین هێندە تەلاروهێندەباڵەخانەمان بەئاسماناچەقاند من تێناگەم ئێمەکێشەمان لەگەڵ بەعس کێشەی ئەوەبووکەسەدام نەیدەهێشت قەسروقسوردروست بکەین یاخودکێشەمان لەگەڵی ئەوەبووکەدەیوست ئاقڵەکانمان شێت بکات..!..

-----------------------------------------------------------

پەراوێزوسەرچاوە.

- ڕۆژنامەی 8 لاپەڕە . 8 sidor ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی سویدی یەگرنگی بەهەواڵوبەدواچون دەدات بەزمانێکی سادە وبێ ئاڵۆزی هەواڵەکان بڵاودەکاتەوەبڕوانەلاپەری هەواڵەکانی 11.12 ئەم مانگە.

- پرۆگرامی چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری بەرگری لەڕادیۆی ekot ئیکۆت ڕادیۆیەکی ناوبانگی سویدە. وەزیر بۆپاساوهێنانەوەبۆقسەکانی لیژنەی چاودێری گوتی .(من لەیاساباش ئەزانم .هاتوچۆکردنم بەتەکسی یاساشکاندن نییە..بەڵام نامەوێت لێرەبکەمەسەکۆیەک بۆوەڵامی لیژنەکە) .

- سەرنج سەردێری هەواڵەکان بەدەستکاریەوەدادەڕێژرێنەوەبۆئەوەی لەگەڵ بەدواداچونولێکدانەوەکەمان بگونجێت.. وەمانگانە لەئاسۆدا بڵاودەبێتەوە.